

# خەونێک لە کەناری ڕووباری خاسەوە

ئەسعەد عەزیز محەمەد
(کەرکووک)

بەیانییەکی تاریک و لێڵ لە خەو ڕاچەڵەکی، ئارەقە بە هەموو جەستەیدا شۆڕبووبووەوە، لەشی لە ئاوی ئارەقەی سوێر خووسابوو، نەیدەزانی گەرما ئاوی لەشی مژیوە، یان سامناکی خەونەکە ئاوی لە جەستەی دەرهێناوە، دوای چەند ساتێک ئەوسا بەهێواشی بە ئاگا دەهاتەوە، چاوی بە چواردەوری خۆیدا دەگێڕا، زۆر بە وردی دەیڕوانییە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری بوون. هیچ کەس لە مەبەستی ئەو سەرنجدانە تێ نەدەگەیشت، سەیرکردنەکەی بە مەرامی ئەوە بوو خەون و واقیع لێکتر جیابکاتەوە، یان ئامانجێکی تری هەبوو. لە سەرەتادا ویستی خەونەکەی بۆ هاوڕێکەی بگێڕێتەوە، بەڵام بایەخ پێ نەدانی هاوڕێکەی و بێ پەرۆشی بۆ خەونەکە لە گێڕانەوەی خەونەکە پەشیمانی کردەوە. بە دەم ڕێکردنەوە تینی گەرمی هاوین جۆشوخرۆشی جوولەی کەم کردبووەوە، هەستی ناخی وورووژاندبوو. تیشکی ڕووناکی ئاراستەی ئەو خەونە کرا کە بە ئەسپایی لەسەر شانۆی بیرکردنەوەی کەوتە نمایشکردن.

لە کەناری ڕووباری خاسە لە نێو بەردەڵانەکەدا زۆر بە مەلوولی دانیشتبوو، سەیری بەردە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەکرد، گەواهیدەری مێژوویەک بوون، مێژوویەکی پڕ لە ئازار و ستەم و ئەشکەنجە، لە پڕ ئەو ژنە جادووگەرە دەرکەوت، دەست و دەموچاوی بە خاڵ کوترابوو، بەردەوام سێ بەرد لەناو دەستی بوو، بەو بەردانە فاڵی دەگرتەوە. ژنە فاڵگرەوەکە بەرەو لای ئەو هات سڵاوی لێکرد. ژنە جادووگەرەکە بە خەندەیەکی پڕ لە مەکرەوە گوتی: "دەڵێی چی فاڵێکت بۆ بگرمەوە." ئەویش بە تەنیا سەری بۆ لەقاندەوە وەک ئاماژەیەک بە ڕازیبوون. هەر لە ناو بەردەڵانەکەدا ژنەکەش بەچوارمشقی دانیشت و بەنێو لەپی پێش خۆی پاککردەوە بۆ ئەوەی بیکاتە گۆڕەپانی فڕێدانی بەردەکانی. پاش ئەوەی لە ناو مستی چەند جارێک لەقاندی و دواتر فڕێی دایە سەر زەوییەکە، هەر سێ بەردەکە بە شێوەیەک کەوتبوونە سەر زەوییەکە هەر بە تەنیا بینینی ئاماژەی ئەوەی دەدا دەتوانرێت ئەم سێ بەردە لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت. ژنەکە دوای ئەوەی چەند جارێک دەستی بەسەر بەردەکاندا دەهێنا و فووی بە سەردا دەکردن، لە کۆتاییدا بەم شێوەیە کەوتە قسەکردن: ئەمڕۆ خۆر ئاوا نابێت، سێ هەواڵت پێدەگات، هەواڵێک پەیوەستە بە ژیانەوە، بە ڕێگەی مۆبایلەکەتەوە پێت دەگات، هەواڵێک پێوەندی بە سەفەرەوە هەیە لە ڕێگەی هاوڕێکەتەوە پێت دەگات، هەواڵێکیش پێوەندی بە پارەوە هەیە لەنێو کتێبەکانت بەدەستت

دەکەویت. لەگەڵ دوا وشە هەستایە سەرپێ و کەوتە ڕێکردن، ئەویش شپرزە بوو، بەپەلە بەدوای کەوت و گوتی: من هەزار و نۆ سەد و شەست و حەوت کتێبم هەیە، لەناو کام کتێبە؟ ژنەکە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە گوتی: شەرەفنامە. هێشتا بەنیاز بوو چەندان پرسیاری تر لەو ژنە بکات، بۆ ساتێک لێی غافڵ بوو، دواتر بە چواردەوری خۆیدا بە دوایدا گەڕا، بە هیچ شێوەیەک نەیدۆزییەوە. نەیزانی بۆ کام لا ڕۆیشتووە. بەدەستی یاری بە بەردەکان دەکرد. چەند بەردێکی ڕەنگاوڕەنگی هەڵچنی، بەردێک لە شێوەی یاقووتی یەمانی بوو، بەردێکی تر ڕەنگی ڕەش بوو، شێوەی مانگی هیلالی بە ڕەنگی سپی لەسەر دیاربوو، پاشان بەبێ هیچ مەبەستێک ئەو بەردانەی فڕێ دایەوە ناو بەردەڵانەکە. لەو کاتەی دەیویست هەستێتە سەرپێ زەنگی مۆبایلەکەی لێی دا، براکەی بوو هەواڵی ئەوەی پێ دا: "ژنەکەی منداڵی بووە، کوڕێکی جوانیان بووە، وەک هەموو منداڵەکانی تر دەیانەوێت ئەو ناوی بنێت." ئەویش بە شێوەیەکەوە کە شادمانی پێوە دیاربوو، بەم وشانە وەڵامی دایەوە: "پیرۆزە، بەنازی دایک و باوک گەورە بێت، دواتر ناوێکی گونجاوی بۆ دەدۆزینەوە، خوا حافیز".

ئەو کاتانەی بەرەو بازاڕەکەی ئەو بەری خاسە ڕێگەی گرتبووە بەر، سەیرێکی ڕووباری خاسەی کرد، بە تەنیا جۆگەیەکی بچووکی ئاوی بینی، لە ڕوویدا خەندەیەک دروست بوو، لە پانتایی بیرکردنەوەی ئەوەی بە خەیاڵدا هات بە درێژایی مێژوو چەندان کەس لەم ڕووبارە خنکاون، کەچی ئێستا تەنیا جۆگەیەکی ئاوە، لەنێو ئەم بیرکردنەوانەدا قسەی ژنە جادووگەرەکە وەک زەنگێک لە بیریدا زەنگی لێ دا، لە پڕ مووچڕکەیەک بە لەشیدا هات و مووەکانی قۆڵی ڕەپ کرد. لە خۆی پرسی: "ئەو ژنە جادووگەرە یەکەم قسەی ڕاست دەرچوو، یەکەم هەواڵم پێگەیشت، هەواڵی ژیان بوو (لە دایکبوونی برازاکەم بوو)، بە مۆبایلیش ئەو هەواڵەم زانی. هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت بیرکردنەوەی لە خەونەکەی، یان قسەی ژنە فالگرەوەکەی ناو خەونەکە گرێ درابوو، بیری لەوە دەکردەوە داخوا مەبەستی لە هەواڵی سەفەر چییە؟ کێ ئەو هەواڵەم پێ دەدات؟ ئەو هاوڕێیە کێیە ئەو هەواڵەم پێ دەدات؟ چەندان پرسیاری بێ وەڵام بەناو مێشکیدا دەهاتن و دەچوون. لەسەر سووچی بازاڕەکە لە دوکانی شەربەت فرۆشەکە ڕاوەستا بۆ خواردنەوەی پەرداخێک شەربەت، تینی گەرما بە تەواوەتی ماندووی کردبوو، گەرووی وشک بووبوو، بیروهۆشی بە هەواڵی دووەمی ناو خەونەکەوە شەتەک درابوو، چەند قومێکی لە شەربەتەکە دابوو، کاروانی هاوڕێی پەیدابوو، ئەویش شەربەتێکی هەناری داواکرد، پێکەوە کەوتنە قسەکردن، باسی زۆر بابەتی جیاوازیان کرد. لە دواجار کاروان هەواڵی سەفەرەکەی پێ دا، پاش یەکەم قومی لە شەربەتەکە گوتی: "ئەمڕۆ هاوڕێیان گەشتێکیان بۆ وڵاتی میسر ڕێکخستووە، بێ ئەوەی پێت بڵێن ناوی تۆشیان نووسیوە، هەموویان وتیان دەبێت ئەو بێت، بێ ئەو گەشت خۆش نییە." سەرەتا بەم هەواڵە شۆک بوو، چاوی کرایەوە، بیری پانتاییەکی فراوانتری وەرگرت. خەیاڵ و خەون و واقیع ئاوێتەی یەکتر بوون، کەشێکی وەهای خوڵقاند نەیدەزانی ناوی چی لێ بنێت. کاروان ئەم پرسیارەی چەند بارە کردەوە: "تۆ بۆ گەشتەکە دێیت؟" بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بیر و هۆشی بەقسەی ژنە جادووگەرەکەوە گرێ درابوو، هیچ ئاگای لە قسەکەی کاروان نەبوو. دواجار بە شێوەیەکی بەرزتر بانگی کرد و شانی تەکاند، ئەوسا بە ئاگا هاتەوە تەنیا ئەوەندەی گوت: "ببوورە خەیاڵم ڕۆیشتبوو، بە دڵنیاییەوە دێم، کەی دەڕۆین؟" "کاروان لە وەڵامدا گوتی:"لەسەرەتای مانگی داهاتوودا دەڕۆین."

دوای ماوەیەک لە قسەکردن لەگەڵ یەکدی، یەکتریان بەجێ هێشت و کاروان بەرەو چەقی بازاڕەکە و ئەویش بۆ لای کتێبەکانی گەڕایەوە، هێشتا خۆر بە ئاسمانەوە بەرزبوو، خۆی بە ژووری کتێبەکانەدا کرد. کتێبی شەرەفنامەی دەرهێنا، لەناو کتێبخانەکەی کتێبێکی زۆر کۆن بوو، ئەوەی لەبیر مابوو باوکی هەموو کات شانازی بەو کتێبەوە دەکرد و دەیگوت: "ئەوە کتێبی باوکمە." بۆ ماوەی سەعاتێک زیاتر ئەو کتێبەی بە دەستەوە بوو، دواجار لە لاپەڕە دوو سەد و بیست و چوار لە توێی دێڕەکانی خوارەوە ئەم ڕستەیە بە خەتی دەست نووسرابوو: "لە بەرگی شەرەفنامەدا نهێنی گەنجینەکەم داناوە." بە دەستوبرد بەرگی شەرەفنامەکەی کە بەرگێکی ئەستووربوو، دڕی و نامەیەکی لە باپیرییەوە کە لە ساڵی ١٩٤٧ کۆچی دوای کردبوو، دۆزییەوە. لەو نامەیەدا شوێنی پارەکەی تێدا نووسرابوو، لە گۆزەیەک لەژێر زەوی، لەو شوێنە دانرابوو کە مەغۆڵەکان کتێبەکانی باپیرمیان تێدا سووتاند. دوای ماندووبوونێکی زۆر و هەڵکەندنی زەوییەکە و پاش دۆزینەوەی پارەکە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەو پارەیەی دۆزراوەتەوە هیچ نرخێکی نییە، چونکە تەنیا کاغەزە، یان پارەیەکی مێژووییە و ئێستا بە هیچ شێوەیەک کار بەو جۆرە دراوە ناکرێت. تاریکی کووچە و کۆڵانی شاری لە باوەش دەگرت، شکست، یان حەسرەتی هەوڵی بێ هودەیی خستییە سەر شەقامەکە، لەگەڵ هەنگاونان بۆ پێشەوە بیری لەوە دەکردەوە "خەونێ لە کەناری ڕووباری خاسەی بێ ئاو، وەک گەنجینەکەی باپیرم بێ سوود و بێ نرخە." لە هەر هەنگاوێک تاریکی زیاتر شاری لە ئامێز دەگرت.

**کەرکووک/ تەمموز/ ٢٠١٨**